
# ئاوابوونی دەنگی ئەو



**محەمەد رەشید فەتاح**

گازی لە ناکاوی مێشوولە دابەستە چەقاوەسووەکانی ئاوەڕۆکەی جارانی نێو کۆڵانەکە نەبوو، تا تاریكو روونی بەیان لە شیرینە خەو رامپەڕێنێت، بەخێری ئەوە دوای شەش مانگی رەبەق، ئاوو ئاوەڕۆی کۆڵانەکەمان تەواو بوو، بەوەش لە دەست بۆنو بەرامەی مرۆکاسکەرو مێشو مێشوولەو جرو جانەوەرو دەعبای هەموو دنیا قوتارمانبوو، ماوەیەکیشە زەردوویی‌و لەرزوتاو چاوە قوڵیّو گرانەتاو هەزارەها دەردەو پەتاو نەخۆشیی نا هەمواری دی یەخەی بەرداوین‌و لێمان دوورکەوتۆتەوە.

سەرەتا تا راستیش بوومەوە، وامدەزانی خەونێکی شیرین.. شیرین، لەو جۆرە خەونانەی تا تەواو بەئاگاش دێیتەوە، وا هەست دەکەیت نێودەمت پڕە لە هەنگوین، کەچی وانەبوو، نە خەوتبوون، نە تەڕەماش، نە هەنگوین بوو، نە قوزەڵقورت، بێتاقەتو بێحەوسەڵە، لەش بەبارو لەش داهێزراو بەسەرو روویەکی ترشاوەوە، بە گەڵو گیپاڵێکی شلو شێواوەوە، لە ستارەی سەربانەکەوە سەرم کێشایە نێو کۆڵانەکە. خەڵکی گەڕەك بە منداڵەکانی منیشەوە، بەجلکی خەوتنەوە، بە سەروچاوی خەواڵووەوە، لە بەردەم ماڵی یاسا بەگدا کۆبببوونەوە. خۆ ئەوە بەڵێندەرەکەیە، ئا.. ئەوە، ئەو پاڵەوانە رزگارکەرەیە، کە بەجارێك مەملەکەتی مێشو مێشوولەی خوێنمژی تارومار کرد. ئا.. ئەوە خۆیەتی، بەڕوویەکی زەردەهەڵگەڕاوی ژاکاوەوە. لە نێوەندی دوو پۆلیسی سمێڵ زلی ورگ داکەوتوودا، لەو عەشاماتە دەڕوانێت، تۆ بڵێی هەر مەسەلەکەی ونبوونی یاسا بەگ بێت؟!.

خۆ ئەوە ژنەکەی یاسا بەگە بەڕاستو چەپدا دەنگ بەرز دەکاتەوە. بۆ هەفتەیەك دەچێ یاسا بەگ

بێسەروشوێنە، ئەوە کارە جوانەکانی ئێوەیە، ئەوە پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی جەنابتانە، ئەوە تاوانی ئێوەیە، ئەوە بەخۆشی ئاو و ئاوەڕۆت بۆ کردین، ئێمە هەموو لایەکمان لەوە ئاگادارکردۆتەوە، کاربەدەستان، مەخفەرەکەی گەڕەك، دەزگاکانی ڕاگەیاندنی هەموو لایەنەکان، مەلای مزگەوتەکان، کەچی تا ئێستە بەگ سەرو سۆراخی نییە، کەچی تا ئیمرۆ کەس بەوە نازانێت ئەو سەر بەکوێوە ناوە. ئەو لەکوێ گیرساوەتەوە؟. ئێمە چەند ساڵو عەیامە، لەم کۆڵانە تارو تەنگەدا، لەم گەڕەکە نابوتو بێناوەدا، سەروبنی زمانمان هەر پرۆژەی خزمەتگوزاری بوو، لە پێشدا ئاو و ئاوەڕۆ خواستی بەرەو دوامانبوو، ئەی ئەو ساڵە ڕێکخراوێکی مرۆدۆستی بیانی نەهاتە ئێرەو بەچاوی خۆیان هەموو شتێکیان نەدیت؟. خۆ زۆربەی خەڵکی گەڕەك، بەوردو درشتییەوە، بەلاکەوتەو دواکەوتەیەوە، بەلەش ساغو دەردەدارییەوە، زۆربەیان ماونو شایەنی حاڵن. ئەو پیاوچاکانە، ئەو فریادرەسو بەویژدانانە، هەر گەیشتنە ئێرەو حاڵەکەیان بەو جۆرە بەرچاوکەوت، خەڵکەکەیان بەو نارەحەتییە بینی، دەمودەست دەمولووتی خۆیان هەڵنەپێچی، یەکسەر عەینەکی رەشیان لە چاونەکرد. چەند هەنگاوێکیش لە ئاوەڕۆکە دوورنەکەوتنەوە. ئەی یاسا بەگ لە زمانی ئەوانەوە، نەیگوت:.

ئەو ئەجنەبیانە، ئەو مرۆ دۆستو خێرخوازانە، دەڵێن: لە دنیای سێیەمو چوارەمیشدا، نە جێگەو مەکانی وا پیسو قێزەونو نە مرۆڤی وەکو ئێوە عەنتیکەو سەیرو سەمەرەشمان دیتووە، بەڕاستی ئەمانە چ جۆرە بنیادەمێکی لێرەدا دەژین؟ پێدەچێ لە ئەستێرەیەکی هەرە دووری ئاسمانەوە، ناوەخت لەم گەڕەکە دوورەی شاردا دابەزیبن!.

تۆ سەیریانکە، بەگەورەو بچووکیانەوە، سەریان دەڵێی فوتبۆڵە، چاوانیان هەر دەڵێی چاوانی بۆقە، ئەی ورگیان هەر بەهەمبانەی قووتێکراو دەچێت، چوارپەلیشیان چوار تیرۆکی سەرتەنوورێکی گوندێکی دوورە دەستە، ئەوە هیچ ملیان دەشوبهێتە رەگی بامێو زەردەچەوەی هەموو هیندستانیش بەسەر روویانەوە زەرد دەچێتەوە. بەڕاستی ئەمانە چین؟.

بۆ تا ئێستە کەس لایەکی لێ نەکردوونەتەوە؟.

ئێمە تازە بەوەمان زانیوە، دەنا زوتر دەهاتین، بۆیە لەمرۆ زووتر نییە، دەنگمان دەخەینە پاڵ دەنگی ئەم ئۆمەتە نەفرەت لێکراوە، تا پرۆژەی خزمەتگوزارییان بۆ بکرێتو لەم زیللەتو عیللەتە، لەم دەردو نەخۆشیو بەڵای مرۆ قرکەرە دەربازیانبێت.

جا هەوڵو هیمەتی ئەوانە نەبوایە، ئاو و ئاوەڕۆمان بۆ دەکرا؟. دەبوو تا ساڵی سەگ هەروا بماینایەتەوەو بەمرۆی گەڕەکە بێناوەکەو لە ئۆمەت نەچوو، عەنتیکەکانی سەر ئەم زەوییە بناسراینایە!.

کەچی ئەوەتا بەقسەی مەلا مارفو بەهێ خانو کوڕەکەی حاجی شەریف، بەرەبەیان، هێشتا دەنگی سەگوەڕ لە گوێ نەبڕابوو، یاسا بەگ لە ناوەندی ئەو پەیرەژەیەدا کە بەمبەرو ئەوبەری چاڵەکەوە رایەڵ کرابوو، بۆ پەڕینەوەی ڕێبواران، بەسەرا کەوتۆتە نێو چاڵەکەوەو کەسیش نەبووە بەهانایەوە بچێت، کەسیش نەبووە فریای کەوێت.

بەڵێندەرەکە خێرا خێرا تفێکی قووت دەداو بەلێوەلەرزەوە، بەزمانێکی نیوە بەستراوەوە، بەدەست راوەشاندنو سەر راوەشاندنەوە دەکەوتەوە قسان.

-باشە ئەو وەختو سەعاتە، ئەو دەمودەستە، ئەو زاتە موبارەکانە، بۆ بەدەم یاسا بەگەوە نەهاتن؟!.. هەر هیچ نەبوایە ئێوەیان تێگەیاندایە، سایەقی شۆفڵەکەیان ئاگادارکردایەتەوە. ئەی ئەمانە دراوسێی چین؟!. با فریای بکەوتنایەو دەریان بهێنایەتەوە.

مەلا مارف.. سەرکزو داماو و کتوکوێر، لەبەرخۆیەوە هەر دەیبۆڵاند، کەس نەیدەزانی چیی دەڵێ؟.. کەس نەیدەزانی چ بەرگرییەك لەخۆی دەکات؟. کە زیاتر بەگیریشیان دەهێنا، بەمنگە منگێکەوە دەیگوت:. جا من

چاوی ئەوەم کوا؟. جا من قاچو قولی ئەوەم کوا، تا بە هەنگاوێك بگەمەلایو دەست بدەمەباڵی؟.

بەڵێندەرەکە داشی سواربوو، کە بەملاولای خۆیدا سەری دەسووڕاندو ئەو خەڵکە بێدەنگو کڕکەوتووەی بەچاودەکرد، بزەیەکی مانابەخش لێوە وشکەڵاتووەکەی دەکشاندو بەفیزێکیشەوە دەستی دەنایە بەرپشتێنە جەریوەکەی کەمەریو لەسەری دەرویشت:. ئەی کەرەواڵەیەکی وەك بەهێ خان.. خۆ تەنەکەی بۆ لێدەی ئاورناداتەوە، کە ئەوەی بینی بۆ بێدەنگ بوو؟. مەلا مارفێکی کتوکوێرو موزمەعیل لە کوێوە یاسا بەگی بینی کەوتبێتە نێو چاڵەکەوە؟!. ئەی دوای ئەوە بۆ قسەیەکی نەکرد؟. بۆ دەمی چووە کلیلەو لای ئێوە باسی نەکرد؟!. توخوا ئێوە گوێ لە وڕێنەو قسە هەڵەت و پەڵەتەکانی کوڕە سەرزلە بەنگکێشەکەی حاجی شەریف دەگرن، چوارپەل قەویو گای عەلی وا، بیستو چوار سەعاتە بەسەر دنیاوە نییەو پێیەکی لەئەرزەو پێیەکی لە ئاسمانە!. دایکەکەم.. خوشکەکەم.. ئەوانە شایەتی راستەقینەنین، ئەوانە درۆدەکەن، جێی متمانە نین، بڕوا بەو جۆرە کەسانە مەکە، خۆ ئێوە دنیاتان دیتووە، خۆ ئێوە تەمەنکێتان بەرێکردووە.

ژنەکەی یاسا بەگ، کوڕو کچەکانی، خزمو کەسوکارەکەی، بڕێك لە دانیشتوانی گەڕەك، هەریەکە بە ئاستی نارەزاییو بێزاریی خۆی بەرادەی خۆشویستنو دڵسۆزیی خۆی بۆ دیارنەمانی یاسا بەگ، چیی بەدەممدا دەهات نەیدەگێڕایەوە، چیی بەخەیاڵدا دەهات دەیهۆنییەوە.

-ئێوە بوونە باعسی کوشتنی یاسا بەگ، ئێوە بەرۆژی رووناك ئەوتان زیندەبەچاڵ کرد، یاسا بەگ هەر خۆی بەگ بوو، هەر خۆی سەروەربوو، ئەو تەنیا مشوورخۆری ئینسانە دواکەوتەو لاکەوتەکانی سەرتاپای خەڵکی گەڕەك بوو، هەر ئەو پشتو پەنای بێدەرەتانو هەناو لەمستان بوو، هەر ئەو دەنگی ئەوانە بوو کە دەنگیان لە گەرویاندا تاسێنراوبوو، باڵی ئەوانە بوو کە باڵیان شکێنرابوو.

-دایکی دایکم.. کوڕە باوکی باوکم، ئەوە شۆقڵو سایەقی شۆقڵەکە.. ئەرێ کابرا تۆ بۆ قسەیەك ناکەیت؟. ئەرێ بۆ ورتەت لەخۆت بڕیوە؟. دە پێمان بڵێ.. ئەو کاتەی زێرابەکەت پڕکردەوە، بەدرێژایی کۆڵانەکە، هاتوهاوارێك، نرکەوناڵەیەك، لنگەوفرتێیەکت، لە کەسێکەوە بەرگوێ کەوت، دە پێمان بڵێ.. لاشەی بوونەوەرێك، مەخلووقێکت بینی!.

سایەقی شۆقڵەکە بێدەنگو بێڕەنگ، وڕوکاسو بێئاگا، لەو عەشاماتە گرگرتووە، لەو خەڵکە سەراسیمەو زراو تۆقیوە، لەو غەڵبەغەڵبو هەراو زەنا بەیەکداچووە، تیا مابوو، کە تینیشی بۆ دەهات، بەزمانێکی تەتەڵە ئامێزەوە، دەیگوت:. نەخێر.. شتی وام نەدیتووە. یەکێ لە پۆلیسەکانیش دوای خۆ خواردنەوەیەك، بەدووی ئەودا دەتەقیەوە.

-ئەوە پاداشتی چاکەو خزمەتگوزاری، ئەوە پاداشتی بەتەنگەوەهاتنو بەهاناوەهاتنی خەڵکی، تا بەدەم داواکارییەکانی خەڵکییەوە بێیتو خزمەتگوزارییان بۆ راپەڕێنیت، دنیات لێ پڕدەکەنو هەرچیش بەدەمیاندا بێت، لەسەر لاپەڕەی رۆژنامە زەردەکاندا پێت دەڵێن. کەچی ئەوەتا لەم گەڕەکە ماڵە مردارەوەبووەدا، کە تا دوێنێ بە (مێشوولاوا) ناوی دەرکردبوو، وەکو خەڵکی دەڵێن.. مێشوولەی تەنگ ئەستووری چەقاوەسووی خوێنمژی چەشنی مێشوولەی ئەم گەڕەکە لەسەرتاسەری دنیادا، لەزۆنگاو و زەلکاوی کیشوەرەکانی رۆژهەڵاتو رۆژئاواشدا بوونی نییە. ئێوە هەر وا زوو لە بیرتان کرد، هەر دوێنێ نەبوو، بەگەورەو بچووکتانەوە خۆتان لەشیرکردنی خەڵکی سەر رێگەوبان دەشاردەوە. نەکو پێتان پێبکەنن، نەکو تانەوتەشارتان لێدەنو لە بینینی روخسارە دزێو و چارە نەویستەکەتان زراویان بچێت. ئێستە بۆ دۆعای خێر بۆ ئەوانە ناکەن کە بەهاناتانەوە هاتووەن؟ ئێستە کوا زەبری کوشندەی مێشو مێشوولەو مەگەز.. لووتتان دەبێتە کفتەی سابونکەرانو گوپتان دەبێتە گومەزی مزگەوتو ملتان دەبێتە پایەی پردەکەی قلیاسان!. بۆ نانێ ناخۆنو نانێ ناکەن بەخێر بۆ ئەو کەسانەی ئەم ئاوەڕۆیەیان بۆ کردوون، ئەوەتا سەرباری ئاوەڕۆش سەرتاسەری کۆڵانەکەتان بۆ تێکەڵەرێژکراوە،

ئیدی لەوە زێتر چیتان دەوێ؟. دەتانەوێ سەرلەنوێ زێراب هەڵکەنینەوە، گوایە یاسا بەگ کراوە بەژێر گڵەوە.!
بەراست ئەمە بەعەقڵی کێدا دەچێت؟. باوەڕناکەم ئینسانی عاقڵ شتی وای بەخەیاڵدا بێت!.

بەڵێندەرەکە.. قسەی لە دەمی پۆلیسەکە وەرگرتەوەو بەدەنگی بەرز رووەو خەڵکەکە وەستایەوە...

-ئێستە چیی بکەین؟.. زێرابەکە هەڵکەنینەوە.

-ئا.. هەر دەبێ وا بکەین.

تاکو تەرا کەسانێك هەبوون مارانگازبوون، لە دەست چەوساندنەوەی مێشوولە هێشتا هەر زەردەو زەعیفو چاوبەقووڵاچووبوون. هەرچەندە راراش بوون لەوەی لە ناخیاندا دەجوولێو هانی ئەوەیان دەدات، دەنگی نارەزاییەك بەرزبکەنەوەو هیچ نەبێ کە بڵێین.. بابە.. ئەوە درۆیەو لە چاڵەکەدا مابێتەوە. وەلێ یاسا بەگیشیان خۆش دەویست، حەزیان بەمانەوەی ئەویش دەکرد.. خواستی دەنگو سەدای ئەویش بوون. بۆیە تیامابوون.. دەستێکیان لەملاو دەستێکیان کەوتبووە ئەولاو.. نقەیان لە خۆیان بڕیبوو.

بەڵێندەرەکە هەمدیس لەسەری رۆیشت..

-جا کێ دەڵێ یاسا بەگ لە نێو ئاوەڕۆکەدایە؟.

-ئێمە دەڵێین.. هەر لەوێدایە.

-خەڵکینە.. کەمێك هۆش بێننەوە بەرخۆتان، پیاوێکی کەتەی وا، راستە بەتەمەنبوو، بەڵام هێشتا لە پەلوپۆ نەکەوتبوو، گەر وابوایە هاوارێکی هەر دەکرد، پەلەقاژەی دەربازبوونی هەر دەکرد. باشە بەو تارێکو روونی بەیانە بۆ لە ماڵ هاتۆتە دەرەوە؟. خۆ نەچووە بۆ مزگەوت، نەچووە بۆ نانکڕین، نەچووە بۆ حەمام.. هەردەبێ سەفەری کردبێ، هەبێو نەبێ بێ پرسی ئێوە چۆتە دەرەوەی شارو هاکا گەڕایەوە.

-کاکە سەفەری چیو تەرەماشی چی؟. خۆ مۆبایلی پێیە، لە هەر جێگەیەك بوایە تەلەفونێکی هەر دەکرد، ئێمە تا ئیمڕۆ سەد جار زێتر پەیوەندیمان پێوە کردووە، کەچی نە جوابی هەیەو نە هیچ.

هەر دەبێ ئاوەڕۆکە هەڵکەنینەوە، دەنا لە کەس خۆش نابین!.

کابرای بەڵێندەر بەگوێبیستی ئەو قسانە تەنگەتاودەبوو، بە راستو چەپدا سەری دەسوراند، لە سەروسیمای تووڕەو بەلەسەی ئەو خەڵکە رادەما.. گومانێکی ئاوێتە بە ترسیش لەبەگژاچوونەوەی خەڵکە بێزارو نارازییەکە دەمی پۆلیسەکانی بەستبوو.

-باشە.. من جارێکی دی زێرابەکە هەڵدەکەنمەوە، گەر یاسا بەگ ژێرگڵ نەکەوتبوو ئەوسا دەبێ ئێوە لە گیرفانی خۆتان سەرلەنوێ زێرابەکە دروستکەنەوە. لەپڕ یەکێ لە تۆقیوەکانی دەستی مێشوولەی نارەسەن دەنگی بەرزکردەوە.

-کەواتە دەبێ تاماوین، هەر ژێر دەستە مێشو مێشوولەو مەگەزبین. کەواتە تا مردن دەبێ لووت ئاوساو و سەرهەڵتۆقیوو بین.. کەواتە رۆژانە چاوەڕێی ئەوەبین مێشوولەی زاڵم بێن پیاڵەیەك خوێنمان لێ دەربێنێ!.

بەڵێندەرەکە بەتووڕەییەوە بەرپەرچی دایەوە..

من تێناگەم.. ئێوە خواشتان دەوێو خورماشتان دەوێ. ئێستە ئاو و ئاوەڕۆتان دەوێ.. یاخود یاسا بەگ؟.

-یەکێکیانمان دەوێ.. ئەویش یاسا بەگە.. چونکە لەوەتەی ئەم ئاوەڕۆیە کراوە ئاوی خواردنەوەمان زەرداوە هەر لە ئاورۆکەی تانجەڕۆ دەچێت.. گەر یاسا بەگ بمایە ئێستە.. قسەیەکی خێری بۆ دەکردین.

یەکێکی تر لە راوەستاوەکان گوتی:. گەر یاسا بەگ لە نێو ئاوەڕۆکەدا بوو، ئەوا تۆ تاوانباریت.

بەڵێندەرەکە لەسەرخۆ بەوەڵام هات:. باشە رازیم.. بڕیاربێ هەرچی ئێوە دەیڵێن لە قسەتان دەرنەچم.

شۆڤڵ کەوتە ئیش، سەرەتا لە ماڵی یاسا بەگەوە کەوتە هەڵدرینی رێگەوبانەکە، هەمووی چەند ساتێکی

نەخایاند ئاوەڕۆی كۆڵانەكە وەك جاری جاران كەوتەوە روو، مێشو مەگەزی بەندكراوی ژێر زەوی، بۆنو بەرامەی ناخ هەڵتەكێنی پەنگخواردووی هەناوی ئاوەڕۆ، بەجارێك هوروژمیان هێناو بەڕووی خەم لێی نشتووی خەڵكە سەراسیمەو دۆش داماوەكەدا هەڵزنان، خەڵكەكەش سەرباری نارەحەتیو بێزاری، سەرباری گازو شاڵاوی مێشوولەی بێچاو و روو، بەمبەرو بەوبەری چاڵەكەوە لە ئاوەڕۆكەیان دەڕوانی. ئێ.. بەڵكو ناكاوێك لاشەی بێگیانی یاسا بەگ جستەی وشكەڵاتووی ئەو، بەعەینەكە زەرەبینەكەیەوە، بەورگە زلەكەیەوە، بەجانتا رەشە زنجیردارەكەی بن هەنگڵیەوە، بكەوێتە بەرچاویان. دەمەو عەسرێكی درەنگ مێردمنداڵێكی سەرەڕۆ لە پڕ هاواری كرد:. ئەرەوەڵڵا.. ئەوە عەینەكە زەرەبینەكەی یاسا بەگ.

بەدوای ئەو دەنگە نەشازەدا، خەڵكە واقوڕماو، هەناو لەمستەكە، هوروژمیان برد. تا گەیشتنە ئاستی مێردمنداڵەكە ژنەكەی یاسا بەگ، بەر لەهەمووان گوتی:. وەك ماڵی وێرانم، خۆ ئەوە عەینەكەكەی بەگە، ئەی شووشە زەرەبینەكانی كوان؟. خۆ ئەوە هەر چوارچێوەكەیەتی، سا بەخوا خۆی بەدەمی شۆڤڵەكە هەلا هەلا بووە، بەكەوچكی شۆڤڵەكە پارچە پارچە بووە.

-قسەی قۆڕو بێمانا، خۆ دەبوو تا ئێستە هیچ نەبوایە دەستێك، لاقێك، یا كەللەسەری یاسا بەگ بەرچاوكەوتایە!. خوا دەزانێ ئەو چوارچێوەی عەینەكە شكاوە چەند ساڵو عەیامە لە نێو ئاوەڕۆكەدایە!.

بەڵێندەرەكە تەواو هاتەوە سەرخۆی، ئەو كۆتوپێوەندی پساند كە چەند ساتێكە وەك تاوانبارێك پەلوپۆی بەستۆتەوە، بۆیە بەكەیفەوە گوتی:. خۆ بینیتان یاسا بەگ لە نێو ئاوەڕۆكەدا نەبوو، خۆ بۆتان دەركەوت، مەلا مارفو بەهێ خانو كوڕە سەرزلەكەی حاجی شەریف بەختوخۆڕایی ئێوەیان خستبووە هەلەكەسەما.. ئیدی قاپی مەحكەمەمان لێ مەگرنو شكانمان لێ مەكەنو هانا بۆ رۆژنامەو بڵاوكراوەكان مەبەن.. خۆتان هەر خۆتان، بەزەحمەتی مەزانن، بەختەتای ئەمو ئەو و گوناهی كەسی مەزانن، لەسەر ئەركو گیرفانی خۆتان چۆن چۆنی ئاوەڕۆكەتان وێرانكرد، هەر ئاواش ئاوەدانی كەنەوە، پۆلیسەكانیش گوتیان:. دە تا ماون هەر داوای خزمەتگوزاری بكەن!!.

هەمدیس مێردمنداڵەكە هاواری لێ بەرزبووەوە.

-خەڵكینە ئەوە كەللەسەرێكە، ئەها وا لە نێو گۆلاوەكەدا!.

-ئادەی كوڕینە، دەست بدەنە خاكەنازێكو دەری بێنن.

كە زەلامێك كەللەسەرەكەی دەرهێنا، كەللەسەری بنیادەم نەبوو، حاجی شەریف بەر لە هەموان گوتی:. ئەوە كەللەسەری ئەو بەرانەیە، كە من دوای تەواوبوونی ئاوەڕۆكە كردمە خێر!!. لە پڕ مێشوولەیەكی ناجسنو نارەسەن فرسەتی لێ هێنامو لاملی گەستم، قەستی بوو داخی دڵ خۆی بە من بڕێژێو تۆڵەی چەند رۆژ بەندێتیی خۆشی لە ژێر زەویدا لە من بكاتەوە. بۆیە منیش تا هێزم تیابوو گرتمو لە نێو دوو پەنجەدا فلیقانمەوە، هەر بەسەرو رووی ئاڵۆزو ترشاوەكەی خۆشمەوە سەربانم جێهێشتو چوومە خوارەوە، لە نێو حەوشەكەشماندا هەر دەمبۆڵاند.. دەوەرە لەم ساتە بە دواوە بەنێو بازاڕدا راكە راكەت بێت، بۆ كڕینی تەلی هێڵەكو نەوتی رەشو دەرمانی قەلاچۆكردنی مێرووی زیانبەخشو مێشكوژدا، دە وەرە لەمڕۆ بە دواوە لە ژێر بەردەكوللەشدا نەوێریت لە سەربانو بنباندا چاوێك لێكنێیت، دە وەرە لەم سەعاتە بەدواوە لە گەڕەكی (مێشوولاوادا) رۆژگار بەڕێكەیتو بەردەوام بۆنی هەناسەبڕو مێشك كرۆژ، چوارپەلت نەشكێنێ، ئێستا هانا بۆ كێ بەرین؟. چەشنی كوردەكەی لە هەردوو جەژنە بوومان لێهات، نە یاسا بەگ دۆزرایەوەو نە ئاوی پاكو نە ئاوەڕۆی داپۆشراومان بۆ مایەوە. ئیدی لە ئێستەوە دەكەوینەوە جەنگ، لە تەك هۆردووی مێشو مێشوولەو مەگەزدا دەجەنگێین، تا لایەكمان سەردەكەوین، تا نەبینەوە بەو ئۆمەتە سەیرو عەنتیكەیەی كە رووما‌ن نەیە لە ئاوێنەشدا خۆمان ببینین!.